خوێنەرانی هێژای کوردستان نێت. . .

هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی "ستار"ی تورکی لە کوردستان چووەتە شاری هەولێر و لەوێ لە چێشتخانەیەک و لە کاتی نانخواردندا وێنەی کۆمەڵێک سەربازی سوپای کوردستانی گرتووە. هەواڵنێرەکە سەربازە کوردەکانی ئەو چێشتخانەیە و هەموو سەربازە قارەمانەکانی تری سوپای کوردستانی لێ بووە بە ئەمەریکی و ڕادەگەیەنێت کە کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکیەکاندایە. ڕۆژنامەی "ستار" لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٨ دا وێنەکەی کردووە بە هەواڵی سەرەکی لاپەڕەی یەکەم و، نوسەرێکی ڕۆژنامەکەش وتارێکی لەسەر هەمان بابەت نوسیوە. ئێمە لێرەدا بەشێک لە هەواڵەکە و دەقی تەواوی وتارەکە وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە. خاوەنی ئەو چێشتخانەیەش کە کابرای تورک وێنەکەی لێگرتووە، دەتوانێ ڕۆژنامەی "ستار" بداتە دادگا و بەوە تاوانباری بکات کە هەوڵی داوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ، زیان بە ئابڕووی چێشتخانەکەی بگەیەنێ.

کوردستان نێت



گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٣)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

ڕۆژنامەی "ستار" هەواڵێک و وێنەیەکی بە سەردێڕی ( وێنەی نائاگایی) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٨دا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە بەشێکێتی:

(ستار، ئەم وێنەیەی دوێنێ لە شاری هەولێری باکوری عێراق گرت. سیخوڕەکانی سوپای "هاوپەیمانی ستراتیژیمان"ئەمەریکا، لە کاتی کۆبوونەوەی "ستراتیژی" لەگەڵ پێشمەرگەکان لەو چێشتخانەیەدا کە نەخشەی کوردستانی بە دەریاچەی وانەوە بە دیوارەکانیدا هەڵواسیوە، وێنەیان گیران. . .

پەیامنێری "ستار" یوسف ئەرئۆغلو، لە باکوری عێراق چووە شاری هەولێری خاوەن زۆرینەی کورد. ئەو لە هەولێر، ئەو ئەمەریکایی زیاتر بینی لە کورد. سیخوڕەکانی سەر بە CIA و ئاژانسی ئاسایشی میللی ئەمەریکا لە هەرێمەکە جریتبازی دەکەن. . . زۆربەیان ناسنامەی ڕۆژنامەنوسانیان پێیە. . . "ڕۆژنامەنوسانی ڕاستەقینە" کە دەیانویست ئامادەی کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بن، بە هەزارحاڵ دوێنێ شەو توانیان مۆڵەتی چوونە عێراقیان وەربگرن،

کەچی ئەوان چەند هەفتەیەکە لەوێن. سەرەڕای ئەوەش، ئەم "ڕۆژنامەنوسە ساختانە" تەنانەت جلوبەرگی ئەو هەواڵنێرانەش دەپشکنن کە ڕوو لە هەرێمەکە دەکەن. . . کەسیش ناتوانێ حساب بپرسێ و بلێ " ئەرێ برام تۆ چی دەکەیت. . . "

ئەمەریکیەکان وەکو بەشێک لە خەڵکی هەرێمەکەیان لێهاتووە. بە ئارەزووی خۆیان لە چایخانەکان دادەنیشن و لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەمەتەقێ دەکەن. هەموویان دەتوانن بە زمان و زاراوەکانی خەڵکی هەرێمەکە بدوێن. تایبەتمەندیەکی تری زۆر گرنگ هەیە کە ئەوان لە هەواڵنێران جیادەکاتەوە، بێ ئەوەی پێویستیان بە مۆڵەت بێت، دەتوانن سەر بە هەموو شوێنێکدا بکەن. . . بەڕێوەبەرایەتی هەرێمیی کوردەکان بە تەواوی گوێڕایەڵی ئەمەریکیەکانن. پێشمەرگەکان ڕێنمایی سیخوڕەکان دەکەن. سیخوڕەکان لە شوێنی حەسانەوەیان لە **Tower Hotel** پەیتاپەیتا لەگەڵ لێپرسراوانی کورددا کۆدەبنەوە. سەبارەت بە بابەتە گرنگەکان زانیاری ئالوگۆڕ دەکەن.
هەر وێنەیەک لەو هەرێمەوە بێت، دەبێت نەخشەیەکی تێدا بێت. ئەم نەخشەیە کە دەریاچەی وانیش دەگرێتەوە، گوایە نەخشەی کوردستانە. ئەمەریکیەکان لە سێبەری ئەم نەخشەیەدا سەودا و مامەڵە دەکەن. دوای هەموو ئەمانە، ئەم پرسیارە دێت بە بیری مرۆڤدا: "ئێمە لە بەرامبەر کردنەوەی سنورەکانمان بۆ سەربازەکانی ئەمەریکا، ٦ ملیار دۆلار وەردەگرین. . . باشە ئەی کوردەکان؛ ئەوان چی وەردەگرن؟"
ئەرێ کەس ئەم وێنەیە نابینێ

فاتیح چەکیرجە لە هەمان ڕۆژنامەدا و لە وتارێکدا بەو ناونیشانەی سەرەوە، بەم جۆرە باس لە وێنەکە دەکات. . ئەمەی لای خوارەوە دەقی تەواوی وتارەکەی ناوبراوە.

(ئەو وێنەیەی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی "ستار"دا بینیمان، ئاشکراترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی کۆماری تورکیا لەگەڵ هەڕەشەیەکی چۆندا ڕووبەڕووە.
کە لەم وێنەیە دەڕوانم، یاخی دەبم. . .
یاخی دەبم و لە ناخەوە دەقیژێنم. . .
ئایا کەس ئەو نەخشەیە دەبینێ کە لە چەقی دێنەکەوە بەرەو ڕووم دێت؟
ئەمە دیمەنەکەیە:
لە هەولێر نەخشەیەک بە دیوارەوە هەڵواسراوە کە دەریاچەی وان و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاش لەخۆ دەگرێت. لەو چێشتخانەیەدا کە نەخشەکەی تێدا هەڵواسراوە، سەربازەکانی ئەمەریکا و پێشمەرگەکان پێکەوە نان دەخۆن. . .
من کاتێک سەیری ئەم نەخشەیە دەکەم، لەوان نا، بەڵکو لە گێل و دەبەنگەکانی ناو خۆمان یاخی دەبم.
لەبەر ئەوە دەڵێم ئەم تەزکەرەیە (مەبەست لە تەزکەرە مۆڵەت بەخشینی تورکیایە بە هاتنە ناوەوەی سوپای ئەمەریکایە بۆ تورکیا . وەرگێڕ) و ئەم وێنەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داهاتووی میللەتێک و دەوڵەتێکەوە هەیە. . .
بەڵێ، هەبوونی کۆماری تورکیا هێدی هێدی و بەدزی دەقرتێندرێ. . .



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەوەتا قوبرس. . .
ئەوەش دەوڵەتی بەکردەوەی کوردی لە باکوری عێراق. . .
ئەوەتا سەربازی ئەمەریکی و پێشمەرگە لەژێر ئەو "نەخشەیەی کوردستان"دا نان دەخۆن کە بەشێک لە باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیاش دەگرێتەوە. . .
چەند مخابنە. . .
ئیدی با کەس خۆی لە خشتە نەبات. . .
دەوڵەتی بەکردەوەی کوردی لە باکوری عێراق، ئیدی لەژێر کۆنترۆڵی سەربازەکانی ئەمەریکادایە. . .
لەبەر ئەوەیە کە ئەم وێنەیە، وێنەی ئەو غەفلەت و بێئاگاییەیە کە تێیکەوتووین. . .
بروانن، جارێکی تریش بەوانەی کە ئەم وێنەیەیان نەدیوە و بەوانەی کە نایانەوێ ببینن، دەڵێم: ئەو نەخشەیەی کە بە دیوارەکەوەیە، نەخشەیەکی کوردستانە کە باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیاش دەگرێتەوە. . . و سەربازەکانی ئەمەریکا چاو لەم وێنەیە دەبڕن و لەگەڵ پێشمەرگەکاندا نان دەخۆن.
باشە ئەوە چی هێزێکە ئەو نەخشەیەی بەوێدا هەڵواسیوە؟
ئەم وێنەیە ئەو هێزە ئاشکرا دەکات. . .
واتایەکی تری ئەم وێنەیە ئەمەیە:
ئەگەر تورکیا پشتگیری لە ئەمەریکا نەکات و سنورەکانی بۆ سەربازەکانی ئەمەریکا نەکاتەوە، ئەوا ئەمەریکا دەوڵەتی کوردی کە لە قۆناغی کۆتایی دامەزراندایە، بە کوردەکان دەداتە ڕاگەیاندن.
ئەم وێنەیە بەڵگەی ئەو هەڕەشەیەیە. . .
بەڵێ، ئەو نەخشەیەی کە چەند سالێک لەمەوبەر بە دیواری ئەفسەرێکەوە لە بارەگایەکی سەربازی ئەمەریکا لە عەرەبستانی سعودی بینیمان، ئەمڕۆ دیسان بە لوتماندا دەتەقێتەوە. . .
چەند مخابنە. . .
مخابنە، چونکە کاتێک من لەم وێنەیە ورد دەبمەوە، ئەو نائاگاییە دەبینم کە تێی کەوتووین.
لەبەر ئەوە ئێوەش سەیری ئەم وێنەیە بکەن. . .
بەڵێ ئێوەش باش تەماشا بکەن، ئەی ئەوانەی مێژوو و سۆزی سەربەخۆیی و داهاتوی ئەم میللەتەتان لە "کورسی پلە و پایەدا" بەرجەستە کردووە. . .
لەسەر کورسیەکانتان هەستن و باش سەیری وێنەی ئەو غەفڵەتە بکەن کە تێی کەوتوون.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت